حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

ژمارە: ٦٤٩٢٦ / ك
(ISO 9001:2015)
العدد:
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی
التأريخ: ١٧/ ٦ / ٢٠٢٥

## بەیانی ژمارە (١٩ ) ی ساڵی ٢٠٢٥
## فراوانکردنی گوندی (مایندۆڵ)

ئامـــاژە بە نووســـراوەکانی پارێزگـــای ســـلێمانی ژمـــارە (١٢٩٦١ لە ٢٠٢٤/١١/٢٥ ) و (٢١٥١ لە ٢٠٢٥/٣/٤)و (٥٦٩٢ لە ٢٠٢٥/٦/٢٤) و دوابەدوای هەردوو نووسراومان ژمارە (٥٠١ لە ٢٠٢٥/١/٧)و (١٠١٣٢ لە ٢٠٢٥/٤/٧) و بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی.

**بڕیارماندا بە:**

**یەکەم :** فراوانکردنی گوندی **(مایندۆڵ)**و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بەپێ ی ماددەی یەکەم/٤ لە ڕێنمایی سەرەوە سەر بە قەزای سەید صادق لە سنوری پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری**(٧٣ ، ٢ ،١٠٧) سەد ۆ حەوت دۆنم و دوو ئۆلک و حەفتاو سێ مەتر دووجا لەسەر بەشێک لە پارچە زەوییەکانی ژمارە (٤/٣٣ ، ٤/٣٤ ، ٤/٣٨ ، ٤/٣٩ ، ٤/٤٢ ، ٤/٤٦ ، ٣ ، ٤/٤٣ ، ٤/٤٥ ، ٤/٤٩ ) لە کەرتی (١٦/ کانی سپیکە و خانە قیبلە)** وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە هاتووە و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٩٤٠٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٤/٣٠ و لە ڕۆژنامەی یاری ژمارە (١٩٧٦) لە ٢٠٢٥/٤/٣٠ بڵاوکراوەتەوە بەپێ ی یاسا کاری کوژانەوە ودەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم :** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

<u>وێنەیەک بۆ :</u>

- گشت وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی شارەوانی و گەیشت و گوزار/ **هاوپێچ نەخشەی سۆفت و کوردینەیت (CD) لەگەڵ ڕێزدا**
- پارێزگای سلێمانی/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا .
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd
ژ.تەلەفۆن:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
www.moi.gov.krd
06/ 07/ 2025
( Burhan )